# چەند سەرنجێک لەمەڕ پێوەندیی فێمینیزم و ناسیۆنالیزم

بەشی سێهەم و کۆتایی

## چارە چییە؟

مەبەستی من لەو باسە تەنها ئاماژە بە یەک مەسەلەی سەرەکی بوو: شێوەی ڕوانینی زاڵ لە جووڵانەوەی ئێمەدا بە کێشەی نەتەوایەتی، ژنان دەخاتە پەراوێزی سیاسی و بواری بەشداری و چالاکییان بەرتەسک دەکاتەوە. دیارە ئەو تەنیا یەک ڕەهەندییە گرفتێکی گەورەیە، بەڵام بە باوەڕی من ڕەهەندێکە کە بە پێداچوونەوە و سەرنجی زیاتر دەکرێ گۆڕانی تێدا پێکبێنین. کەوایە چارە چییە؟

ئەوە ڕاستە کە ئێستا کێشەی کورد لە بنەڕەتدا کێشەیەکی نەتەوایەتییە و لە ڕوانگەی منەوە ئەو کێشەیە دەبێ ئاراستەی سەرەکی بەدەستهێنان و دابینکردنی سەروەری سیاسی بێت بۆ کورد. لە هەمان حاڵدا پرۆژەی ناسیۆنالیزم و ڕزگاریی نەتەوایەتی لە ئاستێکی مێژووییدا پرۆسەیەکی کورتخایەن و دیاریکراوە. واتە ئەو ڕەوتە دەستپێک و کۆتاییەکی دیاریکراوی هەیە و بە سەرهەڵدانی نەتەوە و بیری نەتەوایەتییەوە دەستپێدەکات و لە حاڵەتی سەرکەوتندا بە پێکهێنانی قەوارە یان دەوڵەتێکی نەتەوەیی کۆتایی پێدێت و لە حاڵەتێکی شکستدا بە توانەوەی ئەو نەتەوەیە مەحف دەبێتەوە. لە حاڵێکدا پرۆژەی ڕزگاریی ژن لەم ڕووەوە جیاوازە و سەرەتا و کۆتاییەکەی وا بە سانایی نیگارکێش ناکرێت. ئەو جیاوازییە وا دەکات کە پرۆژەی یەکسانیی مافی ژن و پیاو (من لێرە هەڵبەت مەبەستم تەنیا ڕزگارییەکی فەرمی و یاسایی نییە) وەک بەشێک لە پرۆژەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ببێتە پرۆژەیەکی ئوتۆپیایی. لەو فاکتە ڕاستە ئەو ئەنجامە هەڵەیە هەڵدێنجێندرێ کە ئەو دوو ڕەوتە، واتە ڕەوتی ڕزگاریی ژنان و ڕزگاریی نەتەوایەتی، لەگەڵ یەکدا نەگونجاون.

بۆ چارەسەری ئەو ناتەباییە ئەوە گرینگە کە ئێمە ڕزگاریی ژنان وەک لایەنێکی دادپەروەری و وەک ڕەوتێک ببینین کە کۆتایی پێ نایەت، بەڵام ئاراستەکەی دەکرێ زۆر ڕوون و شەفاف بێت. یەکسانی وەک دادپەروەری و ئازادی چەمکگەلێکی ڕێژەیین و ناوەرۆکێکی ڕەهایان نییە. ناوەرۆکی ئەو چەمکانە هەمیشە بەندە بە پاشخان و چوارچێوە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەردەم ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت. بۆیەش ئەگەرچی ئێمە ناتوانین بەتەواوی دەستەبەری ئەو یەکسانییە بکەین، بەڵام دەتوانین بۆ ئەو ئامانجە هەنگاوی جیددیتر باوێژین، بەبێ ئەوەی پێمان وابێ ئەو یەکسانییە و خەبات بۆ ئەو ئامانجە دەبێ بکەوێتە قۆناغی دوای ڕزگاریی نەتەوایەتی یان چینایەتی، یاخود خەبات لەو پێناوەدا بە دژایەتی و بە زیانی خەباتی نەتەوەیی ببینین. بۆ ئەو کارەش ئەوە کافی نییە کە ئێمە لە بەرنامە و لە نووسراوەکانماندا دان بەو یەکسانییەدا بنێین، بەڵکو دەبێ میکانیزمی کۆنکرێت تری بۆ بدۆزینەوە و بۆ داهێنین.

لەلایەکی دیکەوە دەبێ ژنانی کورد خۆیشیان جیاوازییەک دابنێن لە نێوان جووڵانەوەیەکی فێمینیستی نەتەوەیەکی باڵادەست و نەتەوەیەکی بندەست. واتە لە حاڵێکدا بۆونە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئێمە سیستەمێکی سیاسی و یاسایی جێکەوتوو و دیموکراسییەکی فەرمیمان هەیە و بۆیەش ئاراستەی خەباتی ژنان لەو وڵاتانەدا لە زۆر ڕووەوە لە خەباتی ژنانی کورد جیا دەکاتەوە. بەڵام لای ئێمە تا ئێستاش ڕزگاریی ژنان بە شێوەیەک بەستراوەتەوە بە ڕزگاریی نەتەوەیی. هەڵبەت ڕزگاریی نەتەوەیی هیچ دەستەبەرێکی ڕزگاریی ژن ناکات، بەڵام ئەو ڕزگارییە پێشمەرجێکە بۆ ڕزگاریی ژن. کاتێک دەڵێم پێشمەرج، مەبەستم ئەوەیە کە ژنی کورد دەتوانێ لە مەیدانی خەباتی خۆیدا دەستکەوتی فرە گرینگی هەبێت، بەبێ ئەوەی کێشەی نەتەوەیی چارەسەر بوویێت، بەڵام چونکو ئەو خۆیشی وەک ژن ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیە کە بندەستە، ڕزگاریی ئەساسی ئەویش وەک پیاوی کورد دەبەسترێتەوە بە ڕزگاریی نەتەوەیی. هەڵبەت ئەو خاڵە نابێ بەو مانایە لێکدرێتەوە کە پرۆژەی ڕزگاریی ژن دەشێ بخرێتە پاش، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەو دوو ڕەوتە ئامێتەی یەکتر بکرێن و هەردووکیان یەکتر بەهێزتر و دەوڵەمەندتر بکەن.

بندەستی و ستەمی نەتەوایەتی لە ڕوویەکی دیکەشەوە گرینگی بۆ جووڵانەوەی ژنان هەیە. لە وڵاتێکی بندەستدا پیاوانی ئەو نەتەوەیە تووشی چەشنە گرێیەکی (عقدە) خۆبەکەمگرتن دێن. ئەو خۆبەکەمگرتنە یان بەکەمزانینە کە ئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی شۆڤێنیستی وڵاتانی باڵادەستە، ڕەنگدانەوەیەکی بەپێچەوانەی لە ناوەوەی وڵات و لە پێوەندی نێوان پیاوان و ژنانی ئەو نەتەوەیەدا دەبێت، واتە لە حاڵێکدا پیاوانی کورد هەست بە گرێیەک دەکەن لە بەرانبەر پیاوانی نەتەوەکانی دیکەدا، لە ماڵەوە و لە ناوەوە دەبێ "پیاوەتی" خۆیان بسەلمێنن و هەر بۆیەش لەو چەشنە کۆمەڵگەیانەدا زەبروزەنگ دژی ژنان بەهێزتر و بەرفروانتر دەبێت. بە مانایەک پیاوی کورد خۆبەکەمگرتنی لە بەرانبەر پیاوی نەتەوەی باڵادەستدا بەهێز و سەلماندنی پیاوەتی خۆی لەسەر ژنی کورد قەرەبوو دەکاتەوە. هەر بۆیەش جووڵانەوەی ژنان دەبێ سەرنجی ئەو پێوەندە ئاڵۆزە بدات و ڕزگاریی نەتەوەیی لەو بوارەشدا وەک هەنگاوێکی گرینگ لە ڕەوتی ڕزگاریی ژنی کورددا ببینێ.

دیارە وەفاداریی ژنانی کورد بە جووڵانەوەی نەتەوەیی نابێ بەو مانایە بێت کە ئەوان واز لە هەوڵی خۆیان بۆ بەهێزترکردنی پێگە و دەوری خۆیان لەو جووڵانەوەیەدا بێنن، بەپێچەوانە، ئەو وەفادارییە لە درێژخایەندا تەنیا کاتێ مەیسەر دەبێ کە ژنانی کورد لەنێو ئەو جووڵانەوەیەدا خۆیان تەنیا وەک ئامراز و ئامێری پیاوانە نەبینن بەڵکو خۆیان بە بەشێک لەو جووڵانەوە بزانن کە وێڕای هەوڵ بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی، ئیمکانات و بواری بەشداری چالاکانەی ژنان خۆش دەکات و بەم جۆرەش کێش و دەوری ژنانی کورد لەو جووڵانەوەیەدا زیاد دەکا، کە ئەوەش دیارە کاتێک مەیسەرە کە ژنان هەست بەوە بکەن کە لەپاڵ خەباتی نەتەوایەتی، خەباتی ئەوانیش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان زیاتر بەرهەمی دەبێ. بەو مانایە پەرەسەندنی جووڵانەوەی ژنان نابێ وەک ڕەقیبێک بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی بزانرێ بەڵکو دەبێ وەک مۆتۆر و هاندەرێک بۆ بەپێزترکردن، دیموکراتیزەترکردن و ڕادیکالیزەترکردنی ئەو جووڵانەوە نەتەوەییە ببیندرێت.

خاڵێکی گرینگی دیکەش با باس بکەین. سیاسەت و بەشداری لە سیاسەتدا هەمیشە ئامێتەی ڕیسک و مەترسییە. ئەگەر ژنانی کورد بیانەوێ شوێنی شیاوی خۆیان لەو جووڵانەوەدا بدۆزنەوە، وا هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە جگە لە ململانێ و شەڕێکی دەسەلات لەگەڵ پیاواندا. هەڵبەت مەبەستم لەو ململانێ و شەڕە دەسەڵاتە، زەبروزەنگ و دوژمنایەتی نییە، بەڵکو ململانێیەکی فکری و ڕۆژانەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە لە ژنان سەلب کراون. من ناڵێم کە پیاوان هیچ بەرپرسێتییەکیان نییە یان لە گۆڕانی ئەو هاوکێشانەی نێوان ژنان و پیاوان قازانج ناکەن، بەڵام لەسەریەک پیاوانی کورد، وەک پیاو، قازانجیان زیاتر لە پاسیڤبوونی ژناندا هەیە تا پێچەوانەکەی و هەر بۆیەشە کە ژنی کورد دەبێ خەباتەکەی لەو ئەسڵەوە دەستپێبکات کە ئەو مافانەی ئەو داواکارییەتی، تەنیا بە ململانێ، بەرەڕوویی و بە خەبات وەردەگیرێن. هەڵبەت ئەو چەشنە ڕوانینە بێگومان زۆر گرفت سازدەکات و هەر ئێستاش لە زۆر خێزاندا بۆتە مایەی گرفت، بەڵام ژنان نابێ تاوانی ئەو گرفتانە بێننەسەر خۆیان بەڵکو ئەوە پیاوەکانن کە تاوانی سەرەکییان لەو ئاستەدا لەسەرە.

کە دەگەڕێینەوەسەر پیاوان، دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەگەر ئێمەی پیاو بمانەوێ ڕێگە بۆ بەشداری ژنان خۆش بکەین یان ڕەنگبێ ڕاستتر بێت بڵێین ڕێگە لە بەشداری ژنان نەگرین و بواری کاری ئەوان بەرتەسک نەکەینەوە، مەرجی یەکەم پێداچوونەوەیەکە بەو کۆدە کۆمەڵایەتی و بەو کەشە فەرهەنگی و سیاسییەی بەسەر مەیدان و بواری کاری سیاسیدا زاڵە. ئەگینا بە قابشووتن یان جارێک چێشت سازکردن یاخود بە گوتنی ئەوەی کە من ڕێگە لە هاوسەرم ناگرم، ئەو کێشەیە چارەسەر نابێت.

### کۆتایی

مەبەست لەو وتارە تەنیا ئاماژەیەک بوو بە یەکێ لەو ڕەهەندانەی کە لە جووڵانەوەی ئێمەدا تەگەرە دەخاتە بەردەم کار و چالاکی و ئامادەیی چالاکانەی ژنان لە بوارە فەرمییەکانی سیاسەتدا. ئەو ڕەهەندە تایبەتە پێوەندی بە چەشنی ڕوانینی ئێمە بە مەسەلەی مافی یەکسانی ژن و پیاو لەنێو جووڵانەوەی کورددا هەیە و ڕیشەی لەو باوەڕەدایە کە لەلایەکەوە ئێمە ئەو پرسە وەک پرسێکی لاوەکی و وەک پاشکۆکەیەکی کێشەی نەتەوەیی سەیر دەکەین و لەلایەکی دیکەشەوە لای ئێمە و بەتایبەت لای هێزە سیاسییەکان، پرسی ژن و مافەکانیان تەنیا وەک پرسی ژنەکان لەقەڵەمدەدرێ و وەک گرفتێکی هاوبەشی پیاوان لێکنادرێتەوە. لە هەمان حاڵدا ئێمە هەنگاونانەوە بۆ چارەسەرکردن یان هەرنا بەرفروانترکردنی بواری ئەو مافانە دەخەینە دوای ڕزگاری نەتەوەیی، لە حاڵێکدا ئەو ڕزگارییە خۆی لە خۆیدا هیچ دەستەبەرێکی زیاتربوونی مافی ژنان ناکات. ئەو باوەڕە تەنیا باوەڕێکی تیۆریک نییە، بەڵکو لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ئێمەدا ڕەنگدانەوەی هەیە. هەر چەشنە گۆڕانێک لەو فکرەدا دەبێ هاوکات و هاوشان بێت لەگەڵ گۆڕانێک لە هەڵسوکەوتی ئێمەدا و پێداچوونەوەیەک بەو سیاسەتە کە هەم لەلایەن پیاوانەوە پێناسە دەکرێت و هەمیش لەلایەن ئەوانەوە سنوور و چوارچێوەکانی دیاری دەکرێن.

بێگومان جووڵانەوەیەکی بەهێزی ژنان بە سوود و قازانجی بزووتنەوەی نەتەوەیی تەواو دەبێت و دەتوانێ ناوەرۆک و فۆرمی ئەو جووڵانەوەیە دیموکراتیکتر و دادپەروەرانەتر بکات.

**شەماڵ کاوە**

سایتی دیمانە

# لە پەراوێز کردنی خۆمدا

**شەماڵ باخچەیی**

بەو بیروهەستەوە، کە بەرژەوەندی گشتی پێش بەرژەوەندی تایبەتی دەکەوێت، وە بەچاوپۆشی کردن لە زۆر حەز و ویست و ئارەزووی خۆیی لەپێناوی ڕازی بوونی چەمکی بیرکردنەوەی ئەو بیردۆزەی مرۆڤ پەروەردەبیانەی سەرەوە، مرۆڤ دەکەوێتە ناوەندێکی پیاداچوونەوە بەسەر پێگەی تاک لە خەون و حەز و ئارەزوو ڕەچاونەکراوەکانیدا، بەرەو دەربازبوون لە پەراوێزکردنی خۆ و لەبیرچوونەوەی هەست و تامی بەرهەمی چالاکی هزری مرۆڤ پەسەند و خۆشگوزەران.

زۆرجار خۆتەرخان کردن تاسەر سنووری خۆبەختکردن (خۆقوربانی کردن) دەڕوات، کە ئەمەش ڕەوتێکی ناگونجاوی پرسیارە پەسەندە، کە تاکی خۆتەرخانکەر تا چەند لەپرۆسەی هۆشیاری و بەرەو پێشەوە بردنی هزری بەرامبەر و کۆمەڵگاکەیدا هاوشان بڕوات، وە تاکی خزمەت پێکراو و کۆمەڵگاکەی تاچەند لەژێر ڕکێفی ئەو خزمەتگوزارییە و بەردەوامییەکەیدا بمێنێتەوە.

پێکەوە ژیانی مرۆڤ و هاریکاری و دۆسیە بەرفراوانەکەی، هەمدێ جار بەرهەم هێنەری لایەنێکی چالاک بۆ نێوەندێکی ناچالاک، وە بڕوا بێ بەرهەم و لاوازو ناسەربەخۆشی لێ دەکەوێتەوە.

کەواتە پیاداچونەوە بەرەوتی پێکەوە ژیان و لەپێناوی یەکتریدا ژیان ئەتوانێت پێداگرتنی ڕەوا بێت بۆ بێ بەش نەبوون لەو خۆتەرخانکردنەی تاک بۆ گشت و بەپێچەوانەشەوە.

بەردەوامی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بۆخۆی داهێنەری ژینگەیەکی ناهاوتایە، بەو پێناسەیەی کە جیاوازی گەشەی هزری تاکەکان لەقەوارەی جێگەی و پێگەی هەرپێناسە و پیوانە کردنێکی نوێدا خۆی دەنوێنێت.

بۆیە جێ ی خۆیەتی ئاوڕێک لەخۆیەک بدەینە وە کەبەرە و کام ئاکام و لە ئاستی کام بەردەوامیدا هەنگاو دەنێت و نابێتە قوربانی و خۆراک بۆ ....

لە سایتی خۆزگەوە وەرگیراوە